# پێشووی گۆڤار



**شەهرییانا کوردی:**

**کە زارۆک بووم لەنێو جڤاکی ئێمە خوێندن بۆ کچان بەشتێکی باش نەدەژمێردرا**



**ئەستێرەی بێژەریی کچان بۆ کوێ ئاوا بوو؟**



**وەفا بن لادن خۆی نمایش دەکات**



**لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە هیندیەکان، ژیانی هاوسەریەتی پێکدەهێنن**

# بە چی کوڕان سەرسام دەبیت؟

**جەبار عەلی**

**پەروین** جەوهەر، **مامۆستا**: من بەو گەنجەی ، کەهەمیشە گوێ ڕایەڵی بەرامبەرەکەیەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزە و بڕوانامەی وەکو منی هەیە، بەردەوام دەخوێنێتەوەو لەگەڵ پێشهاتە هەنووکەیەکان و گرفتە کۆمەڵایەتی و داراییەکانی ناوخێزان، دەتوانێ چارەسەری پەسەندو شیاویان بۆ بدۆزێتەوە، هەمیشە بەدواداچوونی واقعبینانەی بارودۆخی دەروونی بەرامبەری دەکات، کە دەزانێ بەرامبەرەکەی بەئاریشەو ئاستەنگێك گیری خواردووەو لەلووتکەی هەڵچووندایە، دەتوانێ بەزمای گوڵ لەگەڵت بدوێ و بیگەڕێنێتەوە سەردۆخی ئاسایی، دەزانی ئەوجۆرە گەنجانە وەکو دکتۆرێك وان بۆ مرۆڤ، خۆزگە لەم وڵاتەی ئێمە کەسانی هەڵگری ئەم سیفەتانە ژمارەیان بێ سنوور دەبوو، هێڤیدارم هەمووان هەوڵ بدەن ئەم سیفەتانە لەهزری خۆیان موتوربە بکەن .

**ئیلاف .س ، فەرمانبەر**: من سەرسامی ئەو گەنجانەم، کە ڕەوشتیان بەرزەو ئاکاریان لەپلەی نایابدایەو پابەندی ئاینی خۆیانن و دین پەروەرن، کەهیچ کاتێ ئامادەی خواردنەوەی مەیی و مادده بێهۆشکەرەکان و جگەرەکێشان نین، لەسەر کۆمەڵێ مەرج و پرنسیپ هاوڕێ و برادەر دەستنیشان دەکەن، زیاتر کەمدوون، بە حەقیقەت زۆرجار باڵای بەرزو چاوی کاڵیش ئۆقرەم لێ دەبڕن و هەمیشە حەسرەتیان بۆ دەخوازم و بەخوا هەندێ شتی تریش هەن هێشتا ترسی درکاندم لەناخدایە نەشێم بێژم.

**سیوەن سیابەندی، پیشەوەر** : من سەرسامی ئەو گەنجانەم، کە بەرگەی هەوەسیان دەگرن وچڵێس نین و لەهەرەتی لاوێتی ئیرادەی دان بەخۆداگرتنیان بەهێزەو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتین، هەرزوو دەتوانن کەسێتی خۆیان بسەلمێنن. لەڕووی خوێندەواری خاوەن بڕوانامەن و بوونی پلەو پایەو سەرمایەی خۆیان و کەسوکاریان کارناکاتە سەرغروور بوونیان و هێمن و نەرم ونیان و هەمیشە لەسەرەخۆن و دەتوانن لەکاتی تەنگانەدا بڕیاری گونجاو بدەن و گەنجێکی باڵامناوەندی و نەختێ ڕەشتاڵەی ڕەنگ گەنمی سەرسامم دەکات .

**ساوین.س. قوتابی ئامادەیی**: زۆرجاران کچان لەناخەوە بۆ گەنجیکی روخسارجوان، یاخود شوفێری ئۆتۆمبێلێکی دوا مۆدیل دەسووتێن و بێ ئەوەی بزانن کێیە وچیە؟ یاخود بەکۆشك و تەلاری ماڵە دەوڵەمەندان سەرسام دەبن، کاتێ لێیان دەپرسی زیاتر خۆیان لەواقیعیەتی سەرسام بوونیان دەدزنەوەو ڕاشکاوانە نادوێن، بۆنموونە بۆچی کاتێ دوو کچ پێکەوە دەبن لە فەرمانگەیەك، یان قوتابخانە یان دراوسێی یەکدین، باسی عەرش و قوڕش دەکەن و دەڵێن فلان گەنج ئەوەندە جوانەو چاوی ڕەشە و بەژنی درێژە، یا ئۆتۆمبێلێکی وای پێیەو نازانم چی و چی، خۆشم لەوجۆرانە بەدەرنیم، بەڵام شەیدای چاوی کاڵم ومەسەلەی ئەخلاقیش ئەوا پێوەرێکە بۆ هەمووان .

**وەفیدا ..ع .. فەرمانبەر**: من بۆ خۆم سەرسامی هەموو گەنجێکی جوان و ڕێك و پۆشتەم، زیاتریش ئەوانەی گرنگی بەخۆیان دەدەن و بەردەوام خۆیان جوان دەکەن و جلوبەرگی شایستەو نایاب لەبەر دەکەن و هەمیشە وەکو گوڵێك دەدرەوشێنەوەو ڕێزی خەڵك دەگرن و زێتر خۆیان دەڕازێننەوە .

**ڤیان عیسمەت...قوتابی**: بێگومان هەندێك گەنج هەن زۆر بەڕێزو ئاکار جوانن، بۆیە بە ئاکارو رەوشتیان سەرسامم، بەڵام هەندێکیان زۆر بێ ڕێزو ناڕێکن، جموجۆڵ و هەڵس و کەوتیان ناشرینە، ئەمەش وا دەکات رکم لێیان ببێتەوەو بە هیچێکیشیانەوە سەرسام نەبم، کە زۆربەی کوڕانی ئەم سەردەمە لەجۆری دووەمن، بە تایبەتیش ئەو کوڕانەی تەمەنیان لە (16 تا 20) ساڵیدایە..

**خەدیجە قادر، مامۆستا** : هیچ سیفەتێکی کوڕان بێجگە لەمرۆڤ دۆستی و ئینسانیەت بەلای منەوە سەرنج ڕاکێش نین وەکو سەروەت و سامان و جوانی و بڕوانامەی بەرز، مرۆڤ دەبێت بەمانای واتا مرۆڤ بێت، نەك بەڕوخساری جوان و ماڵی دونیا، چونکە ئەمانە نیشانەی گەورەیی نین.



پەروین



ڤیان



خەدیجە

# کە دەگەڕێیتەوە ماڵەوە هاوسەرەکەت چۆن پێشوازیت دەکات؟

هیوا سەلاح



محەمەد جەمال



فەرسەت



مەلا یونس قادر

*ژیان عەبدوڵلا، مامۆستای ناوەندی شەهیدانی کچان، کە ساڵو نیوێکە ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی داینەوە: کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ، هاوسەرەکەم بەشێوەیەکی ئاسایی پێشوازیم دەکات، هەروەها منیش بەهەمان شێوە، بەڵام هەندێ جار بەپێی هەلومەرجی شوێن وکات گۆڕانکاری بەسەر گەرمی و ساردی پێشوازییەکە دادێت.

*محەمەد جەمال، تەمەنی 40 ساڵە و 14 ساڵە خێزانی پێکهێناوە، بەم شێوەیە لەمەڕ ئەم بابەتە دوا: زۆر بەڕێز و بە گەرمی پێشوازیم دەکات، بۆیە من خۆشترین کاتم ئەو کاتەیە، کە بەرەو ماڵ گوزەر دەکەم. توڕە بوون لای ئێمە بوونی نییە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من مامۆستام و ئەویش فەرمانبەر ، مامۆستاو فەرمانبەریش لێك تێگەشتنیان لێك نزیکەو یەك ئازارو ماندوو بوونیان هەیە.

* گیو حەمۆ، تەمەن 50 ساڵ، کە ماوەی 23 ساڵە ژیانی هاوسەری چێکردووە و 4 منداڵی هەیەو فەرمانبەرە دەڵێت: بەپێی ژیانی رۆژانەی ئێمە، هێندە بەتەنگ پێشوازیو ژیانی تایبەتی هاوسەریمان نەکەوتووین، هێندەی بەتەك بژێوی ژیان کەوتووین، من هەست ناکەم رۆژێك من و هاوسەرەکەم بۆخۆمان ژیابین، هەوڵمانداوە ژیانێکی تژی خۆشی بۆ منداڵەکانمان دابین بکەین و کۆڤان و ئازاریش بۆ ئێمە. من تاکو ئێستا کە چوومەتەوە بۆ ماڵ، فریای سلاویش نەکەوتووم، راستەوخۆ خەریکی کێشەو گرفتی ماڵەوە دەبم و هێندەش لەماڵ دوور نەکەوتووم بۆ ئەوەی موشتاقی منداڵو خێزانم بم.

*مامۆستا فەرسەت، 17 ساڵە ژنی هێناوەو 5 منداڵی هەیە وتی: من زۆر بەختەوەرم لەگەڵ خێزانم باوەڕ ناکەم کەسێك هێندەی خێزان باشبێت، زۆر بە گەرم وگوڕی پێشوازیی و بەخێرهاتنم لێدەکات و مناڵەکانیشمی وا فێرکردووە، هەموو جارێ دەڵێم دیارە خودا منی زۆر خۆشدەوێت، چونکە ئەو مرۆڤەی بەمن بەخشیووە.

*یونس قادر حەمەدەین، مامۆستای ئاینیی، 11 ساڵە خێزاندارە و 3 زارۆکی هەیە، دەربارەی ئەم پرسە وتی: من دەڵێم ئەم پرسیارە لەهەر کەسێك بکرێت، بەڕاشکاوی بەرسڤ ناداتەوە، چونکە کۆمەڵگای ئێمە واپەروەدە کراوە راستییەکانی خێزان بۆ کەس نەدرکێنێ. من وەك رەوشتێکی ئاینیی، سەلام دەکەمو خێزانەکەشم بەشێوازێکی جوان پێشوازیم دەکات، وەلێ ئەگەر کارێکی پێ ڕاسپاردم و لەبیرم چووبێت جێ بەجێ بکەم، بێ شك بەساردیی پێشوازیم دەکاتو توڕەیی پێوە دیار دەبێ، منیش دەڵێم بەڕاستی لەبیرم نەمابوو، جا ئەگەر باوەڕم پێکرا، ئەوە باشە، دەنا وەکو هەر مرۆڤێك تووڕە دەبم، بەڵام هەوڵدەدەم بەسەر خۆمدا زاڵ بم.

*بەڵقیس حاجی رەسوڵ، مامۆستایەو ساڵێکە خێزانی پێکهێناوە، دەڵێت: بەزۆی هەر من لەماڵەوەم بۆیە بەردەوام من پێشوازیی لەهاوسەرەکەم دەکەم و بەڕووێکی گەرم بەخێرهاتنی دەکەم، زۆر بەکەمی وا رێکەوتووە، ئەو پێشوازیم لێبکات، بەڵام پێشوازییەکی باشیشی لێکردووم.

*رووناك سەلیم حەیدەر، 7 ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو2 مناڵی هەیە، گوتی: هەمیشە مێردەکەم لەماڵەوەیە، چونکە من لەقوتابخانەمو تا من دەگەڕێمەوە ئەو ئاگاداری منداڵەکانمان دەبێت، بۆیە بەردەوام ئەو پێشوازی من دەکات، بەڵام مەرج نییە هەمیشە پێشوازییەکان بەگەرمی بێت، ئەویش بەپێی کات دەگۆڕدرێت.

# شەهریانا کوردی:

# ماڵباتا من بە دەنگخۆشی ناسراوە، بەڵام ئەوان ناخوازن ببنە سترانبێژ، چونکە لەنێو کوردان بوونە هونەرمەند ئەستەمە

نەدا مێرگەسۆری



**شەهریبانا** کوردی ئەو ئافرەتە هونەرمەندەی کوردستانی باکوورو ئەو دەنگە زوڵاڵو ناسکەیە، کە هەموومان بەدەنگە خۆشەکەی ئاشناییین و ئاوازو گۆرانیەکانی وەك (ئەز کچکم کچا کوردامەو ریحان)و چەندین گۆرانی دیکەی بەناوبانگی ئەومان بیستووە. لەهەڤپەیڤینێکی ئینتەرنێتیی، (شەهریبان) ئێمەی بردە نێو جیهانی هونەرو ژیانی تایبەتی خۆیو بەدڵخۆشیەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

شەهریبان لەبنەماڵەیەکی مامناوەندیی و ئاینیی، لەشاری (لزمیری)ی تورکیا چاوە گەشەکانی بەدونیا هەڵێناوە، خۆی دبێژێت: "ئەز لەساڵی 1970 لە (لزمیر) لەماڵباتێکی مامناوەندیو ئاینیی لەدایك بوومە، لەنێوان 6 زارۆکی کوڕ و 3 زارۆکی کچ لەهەمووان گەورەترم. باوکم کارمەندی دەوڵەت بوو، هەر لەبەرئەوەش ماڵباتەکەم (40) ساڵ پێش، کۆچبەری باژێری (لزمیر)ی تورکیا بوون، من خۆم لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی (خورسیّ)ی سەر بە شاری ( قیزل تەپە qizil tepe) (گردی سوور)ی سەر بەویلایەتی (مێردین)م، واری ماڵباتەکەم تژییە لەکەونەوارو شوێنی دیرۆکیو خاوەن چاندو هونەرێکی دەوڵەمەندە".

(شەهریبان)ی رووخۆش لەوەڵامی ئەو پرسیارەم، کە ئایا تا چ قۆناغێکی خوێندن خوێندوویەتی گوتی: "من تەنیا تا قۆناغی سەرەتاییم خوێندووە، کە ئەو کات 5 ساڵ بوو، هەرچەندە ئەو کات هیچ کەسێكو بنەماڵەیەك زارۆکی کچی خۆیان نەدەنارده فێرگە، چونکە لەنێو جڤاکی ئێمە خوێندن بۆ کچان بەشتێکی نەباش دەهاتە ئەژمارکرن". (شەهریبان) بەم شێوەیە باسی لەچۆنیەتی هاتنە نێو دنیای هونەریی، نەخاسمە سترانبێژی کردو گوتی: "ئەمە چیرۆکێکی درێژی هەیە، هەر لەمنداڵیەوە خولیای ستران گوتن بووم، ساڵی 1983 ئەو کاتەی من 13 ساڵان بووم، کێبڕکێیەکی هونەری لە فێرگەکەمان سازکرا، کێبڕکێیەکە لەلایەن( Turk Halk Muzik ) بۆ موزیك سازکرا، لەنێو 32 خوێندەڤانی باژێری لزمیر یەکەم بوومو خەڵات کرام، ئەو سترانەش کە ئەو کات خوێندم بە ناوی (دەما ئەز ل دایك بووم، ئەز دگریام) بوو. پوورم(خالەت)م، کە ناوی (سورەییا)یە، هاندەری سەرەکیم بوو لەستران گوتن، چونکە خۆشی سترانبێژو خاوەنی دەنگێکی خۆش بوو، ئەوکات لەگەڵ ئەو دەستم بەستران گوتن کرد، بەڵام ئێستا بە ئاوایەکی پرۆفیشنال لەسەر هونەری خۆم بەردەوامم".

شایانی باسە شەهریبانا کوردی سەرەڕای گۆرانی گوتن ژەنیارێکی باشی ساز(تەمبوور)ەوهەمیشە لەکاتی ستران گوتن، سازەکەی هاوڕێیەتیو هەمیشە خۆی ساز لێدەدات، (شەهریبان) سەبارەت بە چۆنیەتی فێربوونی ساز گوتی: "ئەز دکارم زۆر بەباشی تەمبوور بژەنم، من خۆم ساز فێربووم و تائێستاش لەهەموو شەهیانو کۆنسێرتەکان من خۆم سازم لێداوە". سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا لەماڵباتی ئێوە تەنیا تۆ بە دەنگخۆش ناسراوی، یان ئەوانی دیکەش دەنگیان خۆشە؟ بە زەردەخەنەوە گوتی: "ماڵباتی من بە دەنگخۆشی ناسراوە، خوشكو براکانیشم دەنگیان خۆشە، براکەم(تێکۆشان)و خوشکەکەم(گولستانا کوردی) ئەوانیش لەناو موزیك دان، بگرە کۆمێکیان(تیپ) هەیە بەناوی (کۆما شەهریبان)، بەڵام ئەوان ناخوازن ببنە سترانبێژ، چونکە دناڤ کوردان بوونە هونەرمەند گەلێك ئەستەمەو رێگایەکی پڕ دژوارە". شەهریبانا کوردی ئەو هونەرمەندە دوورە وڵاتەی، کە لەوڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، لەبەر چەندین هۆکار وڵاتی جێهێشتو وڵاتی غوربەتی هەڵبژارد، هەر بۆیە (شەهریبان)م سەبارەت بەم بابەتە هێنا دوانو گوتی: "هۆی هاتنە دەرەوەم و نیشتەجێ بوونم لەئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ کاری هونەریی



شەهریبان‌و کچەکەی

خۆم‌و خەباتی سیاسیی هەوژینەکەم، چونکە ئەوکات لەنێوان سالأنی(1991–1993) دادگای ئەولەکاری کۆماریی، کە بە تورکی پێیدەڵێن:(Dewlet Guvenlik Mahkemesi ) (DGM) 15 ساڵ سزای زیندانیی بەسەر من سەپاندو بەدوای من‌و هاوسەرەکەم دەگەڕان، لەبەرئەوە ئێمە ناچار بووین ولأت جێبێڵێن‌و بەرەو ولأتی غەریبی کۆچ بکەین". لە (شەهریبان)م پرسی باسی هەوژینی خۆت کرد، دەکرێ زیاتر باسی بکەی، لەکوێ‌و چۆن ئەوت ناسی؟ شەهریبان گوتی:" من‌و (شێرکۆ) لەساڵی 1993 خێزانمان پێکهێنا، ئەو دەمەی کە ئێمە لەتورکیا بووین، هاوسەرەکەم لەزانینگەی ئەستەمبۆل لەبەشی (ئیکۆنۆمیك –ئابووری) دەیخوێند، هەروەسا ئەو لەگەڵ 5 لە براکانی مارێکێتێکیان هەبوو بە کاری توریزمی(گەشتیاری) خەریك بوون، من و هاوسەرەکەم لە ئەستەمبۆل یەکترمان ناسی، شێرکۆ هاندەرو پاڵپشتی سەرەکی منە لەکاری هونەریی‌و لەژیانی تایبەتیم، ئەو هەڵبەست دەنووسێت‌و لەئەلبومە نوێیەکەم دوو هەڵبەست( باریش‌و یەکێتی) هی هەوژینەکەم(شێرکۆ)ن، هەروەها ئاهەنگ‌و موزیکی هەردوو هەڵبەستەکەش هی ئەون. ئێمە هەردووکمان خەڵکی شاری مێردینین‌و ئێستاش لە ئەڵمانیا دەژین". شەهریبان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و

گوتی:" ئێمە خاوەنی چوار منداڵین بە ناوەکانی(پیرۆز، ناودار رۆژهات، راپەڕین و نارین)". شەهریبان ئەو گۆرانبیژە ناسکەی کە هەمیشە لەکاتی ستران گوتن لەچکی لەسەرەو هیچ کات قژی بەدرەوە نییە، سەبارەت بەو پرسیارەم کە ئایا بۆچی بەم شێوەیە لەسەر ستەیج دەردەکەوێت‌و گۆرانی دەڵێت گوتی:" لەچك(دەسماڵ) لە چاندو ژیانی کوردان هەر هەبووەو شتێکی تازە نییە، لەهەرێمی ئێمە(مێردین) (ئێزیدی، ئاشووری، سریانی‌و عەلەوی)یش لەچك لەسەر دەنێن. دایك‌و داپیرانمان بەرەوشتی لەچك لەسەرنان گەورە بوونە، تا ئێستاش ئەمە بەردەوامە، سەبارەت بەخێزانەکەشم ئێمە ماڵباتێکی ئاییندارین، بۆیە من لەژیانی تایبەتی خۆم‌و بگرە لەدەرەوەش هەر لەچك لەسەر دەنێم‌و بەشتێکی پیرۆزی دەزانم". شەهریبان ئەو هونەرمەندە کوردەی کە سزای 15 ساڵ زیندانی کردنی بۆ درابوو، ئەمساڵ لەتورکیا و لەچەندین شاری کوردی کۆنسێرتی سازدا، سەبارەت بەوەی کە ئایا چۆن توانی بچێتە تورکیا و لەشارە کوردییەکان کۆنسێرت ساز بکات، بەم جۆرە هاتە ئاخڤین‌و گوتی:"من ئێستا بەئازادی دەتوانم بچمە تورکیا و کۆنسێرت ساز بکەم، چونکە من ئێستا هاولأتی ئەڵمانیام‌و رەگەزنامەی ئەڵمانیم هەیە، جگە لەمەش تورکیا هەندێك دیدی بەرامبەر کوردان گۆڕاوەو گەلێك لێبوردن دراون، بەلأم هەر کە دەچمە تورکیا لەلایەن پۆلیسەکان گەلێك پرسگریم بۆ دروست دەکەن، بۆ نموونە: من ئەمساڵ بەبۆنەی 8ی ئادار رۆژی جیهانی ژنان لە (ئامەد) بەشداری بەرنامەیەك بووم، دوای تەواوبوونی بەرنامەکە لەلایەن پۆلیسەکان هاتمە بن چاوکرن، ماوەی 7 کاتژمێر لەژێر چاودێری توندی پۆلیسەکان بووم، لەکاتی بن چاوکرن مۆرالی(بارودۆخ) من باش بوو، چونکە هەر لەسەرەتا تا کۆتایی بن چاوکرنەکە، دوو پارێزەری من‌و براکەم لەگەڵم بوون". شەهریبان سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا پەیوەندی هەیە بەڕیزەکانی (پ.ك.ك) و ئایا تا ئێستا گەریلا بووە گوتی:"من خۆم بەهونەرمەندێکی نەتەوەیی دەزانم‌و پەیوەندیم بەهیچ پارت و لایەنێکی سیاسی‌و حزبی نییە، (پ.ك.ك) پارتی گەلێکی مەزنە و خاوەنی چەندین بەهای مەزنەو هەزاران شەهیدو چەکداری هەیە، بە ملیۆنەها لایەنگری خۆی هەیە، بەلأم من تا ئێستا گەریلا نەبوومەو خەباتی گەریلاییم نەکردووە". لەماوەی رابردوو، چەندین هونەرمەندی دەرەوەی ولأت‌و باکووری کوردستان و بەشەکانی دیکە بە داوەتنامەی فەرمی سەردانی کوردستانی باشووریان کردووەو کۆنسێرتیان سازداوەو رێزی تایبەتیان لێنراوە، سەبارەت بەوەی کە ئایا بۆچی شەهریبان سەرەڕای زۆری شەیدایانی دەنگە زولاڵەکەی لە کورستانی باشوور، بەلأم تا ئێستا سەردانی باشووری نەکردووە، بەڕاشکاوانە گوتی:" سەرەتا سلأوو رێزم بۆ گەلی کوردستانی باشوور هەیە ، هەروەها پیرۆزبایی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دکەم ژبۆ ئەو دەسکەوتە مەزنە، ئەز زۆر حەز لە ولأتی خۆ دەکەم‌و دەخوازم بێمە کوردستانا ئازاد، بەلأم هەندێك شتی شاراوە هەن، کە هاولأتیان پێی نازانن، یان زانیاری ناڕاست دەدەنە ئەوان، من هەمیشە ئەوەم خواستووە بێمە کوردستان‌و لەوێ کۆنسێرت سازبکەم، دەمەوێت گەر بێمە کوردستان



بەسەر بڵندی و ئۆرگانیزەیەکی باش بێم، تا ئێستاش هیچ داوەتنامەیەکی رەسمیم بۆ نەهاتووە، تەنیا دووان نەبێت کە ئەوانیش رەسمی نەبوون، لەبەرئەوە منیش نەهاتم، بەهیوای خوا گەر ئۆرگانیزەیەکی باش بێتە دەرخستن منیش دێمە کوردستان، نەك بەو شێوەیە بێت کە خۆم بچم و پێیان بڵێم( ئامان، حەیران ئێوە زۆر باشن و ئەوان زۆر خراپن، وەرن بۆ من کۆنسێرت ساز بکەن)، ئەمە کارێکی نەمرۆڤانەیە، چونکە گەر مرۆڤ براوی بەهونەری خۆی هەبێت، هەرگیز ناچێ لەبەردەم کەس سەری خۆی شۆڕ بکاتو داوای شتی لێبکات". شەهریبان سەبارەت بەدواییین و نوێترین ئەلبۆمی خۆی هاتە ئاخڤین و گوتی:" سیدیەکەم بەناوی( ئەڤینا سترانا) لەژێر گەلێك زەحمەتی و مەرجی گران هاتە دروستکرن، چونکە نزیکەی 7 ساڵ بوو من کاسێتم دروست نەکردبوو، گوهدارەکانی من هەمیشە پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم، بۆچی بێدەنگم. منیش حەز دەکەم هەموو ساڵێك کاسێتێك بدەمە بازاڕ، بەلاّم بەڕاستی باری ئابووری دەرفەتی ئەوەی پێنەدام. لەدوماهی ئەزو هاوسەرەکەم بڕیارماندا خەباتێکی باش بکەین، تاکو هەم تۆڵەی ئەو 7 ساڵە بکەینەوە، هەم بۆ موزیکی کوردیو جیهانی ببین بەنموونە، گاڤی پێشەکیمان ئەوە بوو لەگەڵ کەسانێك کار بکەین، کە لەموزیکی کوردی باش دەزانن، لەبەرئەوە لەگەڵ مامۆستا(دلشاد سەعید) کارمان ئەنجامداو بەڕاستی مامۆستا دلشاد خەباتێکی گرانبەهای پێشکەش کرد، هەروەها هاوسەرەکەشم بۆئەوەی ئەم کاسێتە بەباشترین شێوە بێتە دەرخستن، هەموو توانای ماددیو مەعنەوی خۆی پێشکەشکرد، هەروەها دوو هەڵبەستی باریش(ئاشتی)و (یەکێتی) هی (شێرکۆ)ن، هەروەها برای هێژا (کاکشار ئورەماری)یش گەلێك هاوکاری کردین، لەبەرئەوە سوپاسی هەموو لایەك دەکەم، ئەم ئەلبۆمە لەلایەن موزیك ناسی کوردیو ئەورووپیو لەلایەن زۆربەی رۆشنبیران بە گرانبەها هاتۆتە نرخاندن". لە دوماهی پرسیاری ئەوەم لە شەهریبان کرد، کە ئەگەر پێت بڵێن تەنیا رۆژێکت لەژیان ماوە تۆ چی دەکەیت؟ گوتی:" بەڕاستی پرسیارێکی دژوارە، گەر ئەم پرسیارەم لێبکەن، من لە مللەتی خۆم داخازی یەکێتیو ویستنی یەکتری دەکەم، تاکو کەس نەتوانێ ولاّتمان پارچە پارچە بکاتو چیتر نەبینە کۆیلەی دەستی کەس". لە دوماهی هەڤپەیڤینەکە شەهریبان جارێکی دیکە سلاّوێکی لەدڵو گیان ئاراستەی هەموو گەلی باشوورو هەموو کوردەکان کردو گوتی:"سلاّوو حورمەت بۆ گەلێ من لە باشوورو داخوازا من ئەوەیە کە ئێمە هەموو بۆ ئازادی کوردستان تێبکۆشین. ئەمڕۆ دەرفەتێکی مەزن بەدەست کەوتووە، هیوادارم هەموو بۆ ئەم دەرفەتە کاربکەین و پارتەکان دەستی یەکێتی بۆ یەکتری درێژ بکەن." هەروەسا شەهریبان دڵخۆشی خۆی بۆ ئەم دیمانەیە دەربڕیو گوتی:" بەڕاستی هەڤپەیڤینەك هێژا بوو، ئەز سوپاسی ئێوەو دیمانەکەتانو هەموو تێکۆشەرانی راگەیاندنی کوردی دەکەمو هیوادارم لەخەباتی ژورنالیستی بەردەوام بن."

**تشرینی دووەمی**

**2006**

# مۆنالیزیا پێش ئەوەی ببێتە تابلۆ
# بۆ جاری دووەم دەبێتە دایك

گۆنا یوسف



**مۆنالیزیا** یەكێكە لەو تابلۆ سیحر ئامێزانەی كە لەلایەن هونەرمەندی بەناڤو دەنگ (لیوناردۆ دافنشی) هاتۆتە رەسم كردن، ئەو تابلۆیە لەلایەن رەخنەگرانەوە بۆتە تابلۆیەكی سیحر ئامێز و زۆرترین قسەو باسی لەسەركراوە.

بەم دواییانەش لەلایەن فەرەنسیەكی بە ئەزموونی هونەریی، ئەوە دەرخرا كە مۆنالیزیا لەو تابلۆیەدا كاتێك لەبەرامبەر پەرمووچ و رەنگەكانی دافنشی دادەنیشێ، مندالّی دووەمی داناوە، ئەمەش لەڕێگەی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای سڕینەوەی تیشكی بۆ سێ رەهەندەكان بەشێوەی تیشكی خوار سوور.

هەروەها ماڵپەڕی (سی نێت) ئەوەی دەرخست، كە ئەو كارە لەلایەن تیپێكی پڕ ئەزموون و زانای كەنەدی دۆزراوەتەوە، بەپشت بەستن بە تەكنەلۆجیای نوێ و كۆمپیوتەرەوە، كە بووە هۆی ئەوەی لەڕێگەی تیشكی خوار سوورەوە دەركەوێت، كە مۆنالیزا جلێكی تەنكی شەفافی لەبەربووە و هەروەها لەڕێگەی سڕینەوەی ئەوە دەرخراوە، كە ماوەیەك بەر لەدانیشتنی مۆنالیزیا (كە كاتەكەی دەست نیشان نەكراوە) بۆ جاری دووەم بۆتە دایك، هەروەها زانای فەرەنسی بۆرنۆ مۆتن كە لەسەنتەری توێژینەوەی مۆزەخانەكانی فەرەنسا كاردەكات، ئەوەی شیكردەوە كە مۆنالیزیا لەو وێنەیەدا هەمان ئەو جلەی لەبەركردووە كە ژنی سكپڕ، یان ئەوانەی كە مندالّی تازەیان دادەنێن لەبەری دەكەن. ئەوەی سەیرە ئەوەیە لەكۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی دەرخرا، كە مۆنالیزیا لەساڵی 1503 پێش ئەوەی بۆ رەسمكردن دابنیشێ، مندالّی داناوە و هەروەها مێژووی ئەو ساڵەش بەهۆی تیشك و سڕینەوەی رووناكی دۆزراوەتەوە.

شایەنی باسە ئەو تابلۆیە جگە لەجوانی و ناسكی، بەوە بۆتە جێگای سەرسوڕمانی خەڵكی، كە كاتێك بەدەست چاوی دەگرێت، هەست دەكەیت پێدەكەنێت، كاتێكیش دەمی دەگریت، هەست دەكەیت چاوی پڕە لەگریان، جگە لەمەش بۆ یەكەم جار دافینشی لە باكگراوندی وێنەكەدا سروشتی بەكارهێناوە، واتە پێش ئەو لەلایەن نیگاركێشانی تر (پۆرترێت) یان (وێنەی كەسایەتی) لە پشتەوەدا سروشت بەكار نەدەهێنرا. جێگای وەبیر هێنانەوەشە كە ئەو تابلۆیە چەندان ناوی دیكەی هەن وەك ( زەردەخەنەی مۆنالیزیا و گیوكەندا).

# ئەستێرەی بێژەریی کچان بۆ کوێ ئاوا بوو؟

**بێژەری** تەلەفزیۆن میوانی هەمووماڵێکە، ڕۆژانە هاونشینی خێزانەکانە، بۆیە پێویستە میوانێکی جوان و ڕەزا سووك و قبوڵکراو بێت و بتوانێت بەسادەیی و ساکاری و توانای خۆی سەرنجی بینەران بۆ خۆی رابکێشێ.

ئەمڕۆش ڕەنگە هەمان پرسیار سەر هەڵبداتەوە، بەتایبەتی لەنێو ئەو هەموو ڕێژە زۆرەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆیی و ئاسمانییانەی کە هەن: بەڕاست ئەستێرەی ئەو کچە بێژەرانە بۆ کوێ ئاوا بوو؟ ئەی ئەوانەی ناوبانگێکی مەزن و خۆشەویستییەکی زۆریان لەناو جەماوەرەکەیاندا هەبوو، هاوکات وەکو ئەستێرەکانی سینەما ناسرابوون چی بەسەرهات؟ بۆ ئێستا بەدەگمەن ئەستێرە لەو بوارەدا دەردەکەون؟

لەم بارەیەوە هەر کچە بێژەرێك سەبارەت بە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەیان لەناوداری و دەرنەکەوتنی ئەستێرەیان راو بۆچوونی خۆیان هەیە.. با بزانین کچە بێژەرە ناسراوەکانی وڵاتی میسر سەرنجیان لەم ڕووەوە چییە و چۆن دەڕواننە نهێنی و هۆکارەکانی سەرکەوتوویی و ناودەرکردنی هەر بێژەرێك؟

* ( **ئەنجی ئەنوەر**)ی بێژەر دەڵێ: ونبونی ئەستێرەیی لەم بوارەدا بەپلەی یەکەم بۆ زۆربوونی ژمارەی بێژەرەکان دەگەڕێتەوە، بە جۆرێك کە بینەر بەزەحمەت دەتوانێ لەناو ئەو هەموو ڕێژە زۆرەدا بێژەری سەرکەوتوو بدۆزێتەوە و وێنەکەی بەزیندوویی لە یادەوەریدا بمێنێتەوە، هاوکات خودی بێژەرەکە و بەهۆی نەبوونی مەرج و خەسڵەتەکانی بێژەری سەرکەوتوو تیایدا نەیتوانیوە دڵی بینەر بباتەوە، بۆیە لەسەر بێژەری کچ پێویستە هەمیشەو دوور لە زیادەڕۆیی و خۆدەرخستن و لایەنی روخسار، ئامادەیی و توانا و لێهاتوویی تێدابێت، بەڕای من سادەیی کلیلی سەرکەوتنی هەر کارێکە، بێژەر لەسەری پێویستە خوێندنەوەی بەردەوامی بۆ بوارە هەمەجۆرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگە هەبێت و ئاستی ڕۆشنبیریی و زانستی بەرز بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکپۆش و کەسێکی خاکی بێت، چونکە ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خێزانەکاندا دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێ میوانێکی ئێسك سووك و خوێن شیرین بێت.

* (**دینا فاروق**)یش، کە بێژەرێکی ناسراوی ئەو وڵاتەیە وایدەبینێ کە: گرنگترین شتێك کە نەوەی ئەمڕۆ لەوانی پێش خۆی جیادەکاتەوە چانس و بەختە، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بازدانێکی گەورەو خێرا لەبواری ڕاگەیاندنی بینراودا بەچاو دەبینین، کە پێشتر ڕووی نەداوە، بە چەشنێك جاران تەنها کەناڵێك یان دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی هەبوون، کەچی ئێستا دەیان و سەدان کەناڵی ئاسمانی و ناوخۆیی هەن، کە هەر هەموویان لە کێبڕکێ و ململانێدان، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی بینەریشی پەرش و بڵاو کردووە، تەنانەت بە جۆرێکە کە لای بینەر ئەوەندەی ناوەڕۆکی بەرنامە و باسەکان گرنگە بیانبینێ و گوێبیستیان بێت، هێندە بایەخ بە خودی بێژەرەکە خۆی نادات، بەتایبەتی لەباری روخسار و جوانییەوە، چونکە ئەو ڕۆژانە لەشوێنی کاری خۆی و لەسەر شەقام..لەناو بازاڕ..لە سینەما و شانۆ و تەلەفزیۆنەکان چەندین کچی نەشمیل و جوان دەبینێ، ئەمەش وادەکات کە لەتەك گرنگیدان بەسیما و روخسارو جوانی و ڕێکپۆشی، پێویست دەکات بێژەری کچ بەپلەی یەکەم گرنگی بەدەوڵەمەندکردنی باکگراوندی ڕۆشنبیریی و ئاستی هوشیاری خۆی بدات و خۆی لەنازکردن و خۆدەرخستن و فیز و غرور دوور بخاتەوە و خۆی لە دووبارە و بەئەنقەست هەڵەکردن و یاریکردن بە هەستی بینەر لە دەربڕین و گەیاندنی زانیاری دوور بگرێ..بەکورتی بێژەری کچ بەرلەوەی بیر لەجوانی بکاتەوە، دەبێ هوشیار و ڕۆشنبیرو خاوەن کەسایەتی بەرز بێت و پەی بە ڕووداوە هەمەلایەنەکانی دەوروبەری و خواستی بینەران ببات.

* (**شیرین ئەل شایب**)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەبێژێ: بوارو دەرفەتی ئەو بێژەرە کچانەی لەکەناڵە ناوخۆییەکاندا بەگشتی و ئەوانەی سنووری پەخشیان بەرتەسك و سنوردارە، بەتایبەتی کەمترە بۆ دەرکەوتن و ناوبانگ و بەئەستێرە بوون، چونکە تەنها لەگەڵ بینەرو جەماوەرێکی دیاریکراو مامەڵە دەکات، لەکاتێکدا ئەو دەرفەتە بۆ ئەوانەی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا کار دەکەن لەبارترە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ زۆرترین بینەردا مامەڵە دەکەن، بێگومان هەر بێژەرێکیش ئاواتی ئەوە دەخوازێ لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر و بەرفراوانتر لە پەیوەندی و تەماس دابێت..بۆ نموونە ئێستا لە نێوخۆی میسردا خەڵکێکی زۆر هەیە نازانێ – شیرین ئەل شایب – کێیە، لەکاتێکدا و بەگەواهی زۆربەی هاوکارانم و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندنی بینراودا باشترین و سەرکەوتووترین بەرنامەم پێشکەش کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە و دڵنیام، کە بواری بەئەستێرە بوونی بێژەری کچ لە سای ئەو پێشکەوتنە لەبارەو ڕەخساوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر خودی کچەکە خۆی و درککردنی و هوشیاری بەگرنگی و هەستیاری کارەکەی و ڕێزدانان بۆ بینەر، چونکە بینەری ئەمڕۆ وریا و زیرەك و وشیارە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەستێرەکاندا، بەڕای من نەوەی ئێمەو لەم ساتەوەختەدا هیچ شتێکی کەم نییە لە جوانی و توانا و ئامادەیی و ڕۆشنبیری و زمانزانی و کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی ببێتە ئەستێرە و بناسرێ، بەتایبەتی ئەگەر بڕوای بەخۆی بێت.

*(**دینا حیجازی**) کچە بێژەریش بەلای خۆیەوە پێی وایە کە: لەهەر شتێك گرنگتر، کە کاری ڕاگەیاندن لە پیشەکانی تر جیادەکاتەوە خۆشەیستییە، بە مانایەکی دی تۆ ئەرکەکەت رادەپەڕێنی و عیشقی



شیرین ئەل شایب



ئینجی ئەنوەر

کامیرا دەبیت، ئەوەش خۆشترین چرکەساتی ژیانی بێژەرە، پرسەکەش لەو نێوەدا تەنها ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتییە، چونکە کاری بێژەریی شتێکی ئاسان نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە و لەسەریەتی کەزۆر باش درك بەگرنگی ئەو بەرپرسیارێتی و پەیامەکە بکات و لەسەرجەم رەفتاروگەفتار و هەڵسوکەوتەکانیدا رەچاوی بەهاو سەنگ و هەستی بینەر بکات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە لەسەر شاشەیە، وەك ئەوەی دەبێ بایەخێکی زۆر بەبواری رۆشنبیریی و زمانەوانی خۆی بدات و ئاستی هوشیاری خۆی بەرز بکاتەوەو لوتبەرز نەبێت.

* (**هیند رەشاد**)یش دەڵێ: ئێمە وەکو نەوەی کچە بێژەرە گەنجەکانی ئەمڕۆ زۆر بڕوامان بەخۆمان و تواناکانمانەوە هەیە و بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی توانا و شارەزایی و ئامادەگی و جوانیی هیچمان لە نەوەی کۆن کەمتر نییە، راستە زۆر شت لەوانەوە فێربووین، بەڵام وەك خودی خۆشمان سوورین لەسەر خۆپێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریو زانستی و زمانەوانی خۆمان، هاوکات تایبەتمەندی خۆمان هەیە کە پێی دەناسرێینەوەو دووره لە لاساییکردنەوەی ئەوانی دیکەی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستمان بەدەرفەتی زیاتر و بواری زۆرتر هەیە بۆ سەلماندنی خۆمان و سەلماندنی ئەوەی، کە ئەستێرەین و دەتوانین بناسرێین، ئەو بەرنامە سەرکەوتووانەش کە لەسەر شاشەکاندا پێشکەشیان دەکەین بەڵگەی ئەو راستییەن.

* (**سەفا قوتب**) لەم رووەوە جەخت دەکاتەوەو دەڵێ: کچە بێژەرەکانی رابردوو مافی ئەویان هەبووە و هەیە، وەك ئەستێرە بناسرێن، چونکە کارەکەی خۆیان تەوەر و خەمی سەرەکیی و جێی گرنگیپێدانیان بووە، ئەوان بەر لەوەی گرنگی بەبواری جوانی و روخسار بدەن، گرنگیان بەسروشت و چییەتی و چۆنییەتی کارو پەیامەکەیان داوە، بەڵام بەدیدی زۆر لە کچە بێژەرەکانی ئەمڕۆ و وەك پەیڕەویشی لێدەکەن، جوانی و مکیاژ بوونەتە سەنگی مەحەك، کە ئەمەش هەڵەیەکی مەزنە دەیکەن، چونکە راستە جوانیی و روخسار گرنگن، بەڵام لەوانە گرنگتر ئاستی هوشیاریی و رۆشنبیریی و زیرەکی و ئامادەگی دەروونیی خودی بێژەرەکە خۆیەتی. دەبێ کچە بێژەر بەر لەوەی بەرنامەیەك ئامادەو پێشکەش بکات، زۆر پێویستە ئەوە بزانێ و لەبەرچاوی بێت، کە چ بەرنامەیەك پێشکەش دەکات و بۆچی و بۆ کێ دەیکات و ئامانجی چییە؟ ئایا پێشتر ئەو کارە کراوە یان دووبارە و لاساییکردنەوەیە؟چونکە لاساییکردنەوەی ئەوانیترو دووبارەبوونەوە بینەر بێزارو جاڕس دەکات، بۆیە بەڕای من نهێنی سەرکەوتنی کچە بێژەرەکان لەسووربوون و پێداگرتنیانە لەسەر نوێبوونەوە و پێشکەتوخوازی بەردەوام و ئامادەگی دەروونی و زیهنی و مەعریفی بێژەرەکە، لەبەر ئەوەی شتی نوێ و پێشکەوتوو هەمیشە مایەی سەرنج و تێڕامان و گرنگی پێدانی بینەرە، نوێ لەناوەڕۆك و پەیام و ئامانجدا، نەك تەنها لە جوانی و روخسار و پۆشاك.



دینا حیجازی

* (**مەها موحەمەد**) لەو گۆشەنیگایەوە سەرنجەکانی دەخاتەڕوو و دەڵێ: لەبەر سەرقاڵی خەڵك بەژیان و گوزەران و پەیوەندی رۆژانەیان بەکاری زۆرەوە، دەرفەتی ئەوەی لەدەست بێژەرەکان داوە، کە بتوانن بەرنامەی وا پێشکەش بکەن، کە لەڕووی چۆنییەتەوە باش بن، راستە ئەستێرەکانی دونیای بێژەری جێی بایەخ پێدانی بینەرن و ژمارەیەکی کەم لەبێژەرانی کچ بوونە ئەستێرە و ناویان دەرکرد، بەڵام لەمڕۆدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی بێژەرەکان و زیاتر بوونی کاتی پەخش لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن بۆ ماوەی نزیکەی (24 کاتژمێر، هاوکات لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و کەناڵە ئاسمانییەکان، بوار بۆ بینەر نەماوە بتوانێ وا بەئاسانی وەکو جاران بڕیار لەسەر بێژەرێك بدات، بەتایبەتی کە ئێستا کۆنترۆڵی بەدەستەوەیە و سات دوای سات بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێ..بەهەرحاڵ پێم وایە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا تەلەفزیۆن پێویستی بەپاراستنی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و بینەر هەیە، ئەویش لە رێگەی بەرنامەی باش، بۆیە پێویستە تا ئاستێکی زۆر بەرنامەکان پانتاییەکی فراوانی ئازادیی و بوێریی و راشکاوییان پێبدرێت، بەبێ بوونی سانسۆر، پێویستە لەکاتی خۆیداو گەرما و گەرم تەلەفزیۆن رووداوەکان بگوازێتەوە و ناکرێ ببێتە مینبەری گوتار و وەعز و تەلقیندان و بینەر بێزار بکات، پێویستە بەرنامەکان هەمەچەشن بن و سەرجەمی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و فەرهەنگی و ژیارییەکان بگرێتە خۆ و هاوکات پڕ جووڵە و زیندووبن.



هیند رەشاد

* دواجار کچە بێژەر (**شیرین دویك**) دەڵێ: زۆری ژمارەی کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ زیاتربوونی ژمارەی بێژەران، ئیدی بینەریش برستی ئەوەی نییە لەنێو ئەو هەمەجۆری و فرەڕەنگی و دەنگییە، هەموو کاتی خۆی بەدیار کەناڵێکەوە بکوژێ، بەپێچەوانەی جاران کە لەهەر وڵاتێك تەنها یەك تا دوو کەناڵی ناوخۆیی هەبوون، کە بینەر بەهۆیەوە دەیتوانی چاکتر بەرنامەی باش و خراپ..بێژەری سەرکەوتوو و فاشیل لەیەکتری جیا بیکاتەوە..دیارە هۆکاری دەرنەکەوتنی ئەستێرەی بێژەران، بەتەنها بۆ ئەو بوارە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بە راشکاوییەوە دەیڵێم کە زۆرێکیش لەتاوان و کەمتەرخەمییەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی بێژەرەکان خۆیان، بەو پێیەی دەبێ بێژەر هەست بە گرنگی کارەکەی و درك بە پیرۆزی ئەرك و پەیامەکەی بکات و بە زیرەکی و توانا و شارەزایی خۆی لەکایە جیاوازەکانی ژیان، بتوانێ سروشتی جەماوەرەکەی بناسێ و بینەرەکانی بناسێ و بزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستیان دەکات و تێبگات، چی دەخوازن و چ شتێك رەت دەکەنەوە، لەهەموو شتێکیش گرنگتر بۆ بێژەر ئەوەیە، کە ئاستی رۆشنبیریی خۆی و توانای زمانەوانی دەربڕینی بگەیەنێتە پلەیەکی بەرز و باش و لە ئاست بینەردا غرور و لوتبەرز نەبێت و گاڵتە بە هەستی بینین و بیستنیان نەکات.



سەفا قوتبی

# وەفا بن لادن بە سەد ملیۆن دۆلار خۆی نمایش دەکات

کامەران



**رۆژنامەیەکی** ئەمریکی بەم دواییانە دەریخست کە لە (ریودی جانیرۆ)ی پایتەختی بەرازیل، (وەفا دووفۆر)ی کچە زڕ برای ئوسامە بن لادن، گرێبەندێکی بەسەد ملیۆن دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای (TNG) بەرازیلی بۆ جل فرۆشتن بەست. بەم بۆنەیەشەوە وتەبێژی (وەفا دوفۆر) بۆ رۆژنامەی (نیۆرک دەیلی) ئەمەریکی، رونیکردەوە کە (وەفا) بەجل و بەرگی بەرازیلی خۆی نمایش دەکات. هەروەها هەمان رۆژنامە روونیکردەوە کە (لەگەڵ ئەوەش کە بەرازیلییەکان بۆ راکێشان لە دونیا بێ هاوتان، بەڵام دەشیانەوێ هەمیشە شێوازی جۆراوجۆر بۆ جل و بەرگ بهێنێتە ئارا) جگە لەمەش (وەفا دوفۆر) رازی بوو کە ببێتە ئەستێرەی پرۆگرامی (راستی کە بەدوای هەڵەکان دەکەوێ)ی ئەمریکی، بۆ چوونە ناو دونیای گۆرانی، هەروەها گۆڤاری (ئەمەریکان جی کیو) کە تایبەتە بە پیاوان دوو وێنەی کاریگەری (وەفا)یان بڵاوکردەوە، کە بەشێوەیەکی رووتی نیمچە داپۆشراو دەهاتە بەرچاو.

(وەفا دوفۆر) ئەوەشی لەو گۆڤارە راگەیاند، کە ئوسامە بن لادن وەك ئەو عەقلەی لەپشت رووداوی 11ی سێپتێمبەری 2001 بوو، هەرەشەی کوشتنی لە خێزانی کردووە . هەروەها وەفا پاش رووداوی 11ی سێپتێمبەر نازناوی دایکی (دوفۆر) لەخۆ دەنێ و دەڵێت ((لە ئەمریکا لەدایك بوومو حەز ئەکەم خەڵکی ئەوە بزانن، کە من ئەمەریکییمو وەك هەر هاوڵاتییەکی نیۆیۆرك وامو ئەمریکا نیشتمانە)).

جگە لەمەش دایکی (کارمن بن لادن) لەساڵی 2004 کتێبێکی نووسی بەناوی (لەناو وڵات.. ژیانم لە سعودییە) کە ئێستا زۆر بەفراوانی دەفرۆشرێت و رۆمانێکە سەبارەت بە بن لادنو خێزانەکەی. لە میانەی ئەو گۆڤارەشدا دوفۆر، کە لە سانتا مونیکای سەر بەویلایەتی کالیفۆرنیا لەدایك بووە، باس لەوە دەکات لەوکاتەی کە ئەو لەدایك بووە، دایكو باوکی لە کالیفۆرنیا فەرمانبەر بوونو ئەویش تا ئێستا هەرگیز ئوسامە بن لادنی نەبینییوە.

شایەنی باسە دوفۆر لەسێ ساڵیدا لە سعودیە دەبێتو پاشان لەگەڵ دایكو براکانی دەچێتە سویسرا و لە 10 ساڵیش باوکی جیادەبێتەوەو ئێستاش لە نیویۆرکە.



# لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە یەك ملیۆن هیندی ژیانی هاوسەریی پێكدەهێنن



**ئینتەرنێت** وەك یەكێك لەو بوارە نوێیە مۆدێرنەتەی، كە ئەمڕۆ دونیای خستۆتە نێو سندوقێكەوە، خەڵكی عەودالُو پابەندبوونەتە نێو ئەو دونیایەو ڕێژەیەكی بێئەندازەی خەڵكی سوودی لێوەردەگرن، ئەمە جگە لەوەی كە زۆرترین كاری پێدەكریُو زۆرترین ئاشنایەتی تێدا ڕوودەدات.

یەكێك لەو بەشانەی كە ڕێژەیەكی زۆر لە بەكارهێنەران بوونەتە كۆیلەی چاتكردن (chat)و هەزارەها ماڵپەڕی (chat) خەڵكی گرتۆتە خۆ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە ڕێژەیەك تەنانەت جگە لەدروستكردنی برادەرو فرێندچات، ژیانی هاوسەریەتیش پێكبهێنن.

ڕەنگە ئەمە بەلای ئێمەی كوردە سەیر نەبێت، چونكە لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەندان چیرۆكی پێكهێنانی ژیانی هاوسەریەتییمان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بیست، كە لە میدیاكانی كوردی بووە هۆی گفتوگۆكردن.

بەڵام سەیرەكە لەوەدایە، لە سەرەتای ساڵی 2006ەوە تا مانگی 9ی ئەم ساڵ نزیكەی یەك ملیۆن كوڕو كچی هیندی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، ژیانی هاوسەریەتییان پێكهێناوەو ئێستا خەریكی منالُ نانەوەن. بۆیەش (مۆرۆ جافیل جاناكیرا)ی سەرۆكی ڕاپەڕاندنی كۆمپانیای بەهارات ئاشكرای كرد، كە پێكهێنانی ژیانی هاوسەریەتی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە گەشەسەندن دایەو ئەمەش بەكارێكی باشی وەسفكرد، چونكە پێی وابوو بۆ گەنجانی هیندی چیتر ڕێگای دوورو چینایەتیو زمان نابێتە بەربەست لەبەردەم پێكهێنانی ژیانی هاوسەریی، هەروەها ئەوەش ئاشكرا كرا كە ئێستا زۆری گەنجان بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە ئینتەرنێتو چات كردن دەكەنو پێیان وایە كە دینو بیركردنەوەی ئایینی چیتر بابەت نیین، بەڵكو گرنگ ئەوەیە گونجانو بەهای جوانی كەسایەتی پێوەربن بۆ پێكهێنانی ژیانی هاوسەریی، ئەمەش لە ڕێگەی چاتكردنەوە دەرفەتی دۆزینەوەی زۆرە.

هەروەها (جان كیرا) ئەوەشی ڕوونكردەوە، كە ڕێژەی پێكهێنانی ژیانی هاوسەریی لەڕێگەی ئینتەرنێت لەهیند دەگاتە 20٪ و پێشدەچیُ تا ساڵی 2008 ئەو ڕێژەیە گەلێك بەرز بێتەوە. شایەنی باسە ئێستا لەئینتەرنێت چەندەها ماڵپەڕ هەن تایبەتن بەدۆزینەوەی ئافرەتو پیاو بۆ پێكهێنانی ژیانی هاوسەریی.

# بۆ گه نجه غه‌مباره‌كانی سۆران
# ببورن منیش به‌نائومێدی ئه‌یگوزه‌رێنم



نه‌به‌زگۆران

**هه‌میشه** دڵم ته‌نگه.....

ئه‌وه‌نده ئه‌زانم ته‌نیایی خۆشم پێ حونجه ناكرێت، هه‌میشه ده‌ڵێم: ڕووخۆشه‌كان غه‌مباره ڕاسته‌قینه‌كانی ئه‌م دنیایه‌ن، به‌یانیان وه‌ختێك بیر له‌كه‌ساسی هاوڕێكانم ده‌كه‌مه‌وه ئاره‌زووی بێده‌نگیه‌كی زۆر ده‌كه‌مو كاتێك ده‌زانم یه‌ئس خۆی ده‌كێشێت به‌سه‌ر ژووره بیماره‌كه‌ی گه‌نجیه‌تیما، براده‌ره ئازیزه‌كان....گه‌رهاتن بۆلام چنگێك پێكه‌نینم بۆبهێنن به‌شی ئێواره‌یه‌كم بكات، ده‌زانن له‌كوێم؟ ماڵم كه‌وتووه‌ته گه‌ڕێكێكی هه‌ژارنشینی شاری هه‌ولێری بێده‌نگ‌و سه‌ركزه‌وه، ژوورێكم هه‌یه نزیك به‌هه‌تاوه، كاتێك كه‌هه‌ناسه ئه‌دات ته‌نها بۆنی جگه‌ره‌و بێتاقه‌تی لێدێت، كه‌س له‌ده‌رگاكه‌ی ماڵی من نادات ته‌نانه‌ت خوداش، ئه‌وه‌نده نووسینی بێسه‌رو به‌ر له‌ژووره‌كه‌مدا په‌رش‌و بڵاوبووه‌ته‌وه هه‌رئه‌ڵێی زبڵخانه‌یه‌كی گه‌ڕه‌كی سه‌یداوایه، سه‌بای ساڵحان به‌یادی یه‌سناوه هه‌ڵده‌ستم‌و هه‌ربه‌یادی ئه‌ویشه‌وه سیله‌ی عومرم به‌ڕێ ده‌كه‌م.

ماڵه‌كه‌ی من بێ ئاوه، ماڵه‌كه‌ی من به‌هاوینانا دڵی گه‌رمه‌و به‌زستانانیش به‌ده‌م سه‌رماوه خۆی گرمۆڵه ده‌كات، ماڵه‌كه‌ی من ئه‌وه‌نده به‌رزه هه‌ندێ جار كه‌هه‌ڵده‌ستمه‌وه سه‌رپێ، ته‌وێڵم ئه‌كێشێت به‌شینایی ئاسماندا، ماڵه‌كه‌ی من قه‌ت ده‌نگی ژنێكی تیا به‌جێ نه‌ماوه، ماڵه‌كه‌ی من پڕه له‌كتێبی فه‌یله‌سوفه گه‌وره‌كان‌و شاعیره مه‌زنه‌كان، ئه‌وه‌نده‌ی كه خه‌ریكی وشه‌م خه‌ریكی ته‌قوا بوومایه ئێسته له‌تێكم بووبوو به‌خودا.

زۆرجار به‌یانیان ئاره‌زووی له‌تێك نان ده‌كه‌م بیخۆم، كه‌چی ده‌ستم ناكه‌وێت، دراوسێكانیشم نازانن ئاخۆ من چ گه‌ڕیده‌یه‌كی سه‌رگه‌ردانم كه‌وتوومه‌ته قولله‌ی ئه‌م ئه‌پارتمانه وشكه‌وه، من زۆر ده‌ستم كورته، به‌ڵام زۆر به‌هێزم، نیوه‌ڕۆیان كاتێك بێتاقه‌تی ته‌نگم پێ هه‌ڵده‌چنێت بێئه‌وه‌ی به‌خۆم بزانم له‌سه‌ر سووچی كۆڵانێكا خۆم ده‌بینمه‌وه.

دایم ده‌رگاكانم داخراون، ئه‌ڵێم ئه‌گه‌ر كه‌سێك بیه‌وێت سۆراخی من بزانێ با لای ته‌نیایی ئه‌حواڵم بپرسێت، جاران وه‌ك ئێسته نه‌بووم، جاران یارم هه‌بوو، پێكه‌نینی ڕاسته‌قینه‌م هه‌بوو، دڵخۆشیم هه‌بوو، كه‌چی ئێسته ئه‌گه‌ر گۆرانییه‌ك نه‌م گریێنێت ناتوانم گوێی بۆبگرم، گه‌ر مۆسیقایه‌ك تووشی په‌تای بێده‌نگیم نه‌كات ئه‌قیژێنم به‌سه‌ر خۆما !!!!..

تكایه با ده‌مه‌و عه‌سران كه‌س خه‌به‌رم نه‌پرسێت، چونكه من مه‌ستم ئێوارانیش به‌دیار ده‌موچاوی هاوڕێكانمه‌وه له‌سه‌ر شه‌قامێكی قه‌ڕه‌باڵغی ئه‌م شاره زله هه‌رخه‌ریكی چا خواردنه‌وه‌م، زۆر حه‌زده‌كه‌م ئێره به‌جێ بهێڵم كه‌چی ناتوانم، ئه‌وه‌نده‌ش به‌براده‌ره‌كانم وت من ئه‌ڕۆم تووشی نه‌خۆشی دانیشتن بووم.

عاده‌تی غه‌ریبه‌یه‌كم گرتووه، ژیانم زۆر پووچه ئه‌ڵێی ئه‌لبێر كامۆم، وه‌ختێك ده‌چمه ده‌ره‌وه جوان خۆم پۆشته ئه‌كه‌م، قاپووته درێژه‌كه‌م له‌به‌ر ده‌كه‌مو جگه‌ره‌یه‌ك ده‌كێشم تاخه‌یاڵێك دێته زه‌ینمه‌وه، ده‌مه‌وێت هه‌میشه به‌جوانی خۆم بنوێنم، ئه‌ڵێم با نه‌یاره‌كانی قسه به‌هێزه‌كانم دڵیان به‌هه‌ژاریم خۆش نه‌بێت، به‌چه‌شنی ئیمپڕاتۆرێك بچمه ده‌ره‌وه.

دروست هه‌ندێ جار زۆر بارگران ده‌بم، كه‌سانێك ده‌بینم هه‌رخه‌ریكی قسه‌كردنی خراپن له‌سه‌رم، به‌س من نامه‌وێت ته‌نانه‌ت عه‌زیه‌تی حه‌نانه‌تی گه‌ڵایه‌كیش بده‌م، ناشتوانم به‌دیار ئه‌و هه‌موو برینانه‌ی هاونیشتیمانیه‌كانمه‌وه دانیشم‌و سه‌ری خۆم كز بكه‌م، ده‌مه‌وێت جوامێرانه بژیم، قسه‌گه‌لێكیشم له‌سه‌ر ده‌كرێت هه‌رگیز شایه‌نی ئه‌و قسانه‌نیم، به‌ڵام لێگه‌ڕێ هه‌مووكه‌س ناتوانێ حه‌قیقه‌ت ببینێ، ئه‌مه‌یه جیاوازیی ئێمه‌و ئه‌وان.

هه‌ندێ جار به‌ده‌نگی به‌رز له‌ژووره‌كه‌ی خۆمدا گۆرانی ئه‌ڵێم، ئاخر خۆ گۆرانی گوتن هیچ شتێك نیه، جگه‌له دركاندنی ته‌نیایی، تكاده‌كه‌م گه‌رهاتن بۆماڵه‌كه‌ی من جگه له‌بێده‌نگی و كتێب‌و فه‌رشێكی سه‌رده‌می عه‌باسیه‌كان چاوه‌ڕێی هیچ شتێك مه‌كه‌ن ببینن، به‌م هه‌موو برینه‌كای سه‌رگیانی ئێوه‌و خۆم قایل نیم‌و خه‌ریكی جه‌نگێكم له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتدارانی نادادپه‌روه‌ر، نازانم سه‌رم له‌ڕێی ئه‌م جه‌نگه‌دا كه‌ی لێده‌كرێته‌وه، وه‌رن با ئاوا بژین تا له عاده‌تی بیماری ژیان تێبگه‌ین، وه‌رن براده‌ره شرینه‌كان باپێكه‌وه گۆرانییه‌كی دڵته‌نگی بڵێین، نوێژ بۆ هه‌ژاران بكه‌ین، خۆشبه‌ختی ببه‌خشینه‌وه به‌سه‌ر منداڵانی هارو هاجدا، له سكوونی ته‌نیاییدا خه‌می ژنێكی ئه‌نفالدیده بخۆین، مشتێك بێتاقه‌تیی بنێرین بۆ كۆڵانێكی وێرانی شاره فه‌رامۆشه‌كان، وه‌رن باتێر بگرین بۆ له‌ده‌ستدانی گه‌نجیمان به‌ده‌ست  ئه‌م ده‌سه‌ڵاته جه‌هه‌نه‌میه‌وه.

nabazhawrami@yahoo.com